# پشتیوانی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)دەکەین لەبەرامبەر هەڕەشەکانی ئاسایشدا

ئاسایشی گشتی هەڕەشەی داوە لە ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) کەئەگەر هەواڵی هەبوونی کەتیبەکانی کوردستانی قاعیدە لەسلێمانی نەسەلمێنن، ئەوا بەپێی یاسای دژە تیرۆر دادگایی ئەکرێن، کەوێرای داخستنی ڕۆژنامەکەو دادگایی کردنی سەرنوسەرو خاون ئیمتیازەکەی‌و حوکمدانیان بە 15ساڵ زیندانی، هاوکات سەرجەم موڵکی گواستراوەو نەگواستراوەیان دەست بەسەردا ئەگرێت. ئاسایشی گشتی وادەریدەخات کە لە ئاسایشی لەندەن‌و واشنتۆن‌و قاهیرەو ریاز بەتواناترو بەهێزترو گەورەتر بێت، ئەگینا بۆ لەسەر هەواڵێکی لەم چەشنە سەری دنیای لێهاتوتەوە یەك‌و پێی وایە کەلێنێکی گەورەی هەیە!!، مەگەر لە تەواوی وڵاتانی ناوچەکە کە ئاسایشەگشتیەکەی سلێمانی دەرسی لێوە وەرگرتون، کەتیبەکانی قاعیدەو کەسەکانیان بوونیان نیە؟ ئایا ئاسایشی گشتی بەناوی قاعیدە دەماری ملیان ڕەقبووە، یان مەبەستیانە بڵێن لەکوردستان تیرۆریست بوونی نیە؟ ئەوە نیە چەندین کردەوەی تیرۆریستییان لە چەند مانگی ڕابردوودا ئەمجامداوەو وێنەی هەندێکیشیان بلاو کردۆتەوە؟ ئەوەنیە ڕۆژانە ئەبیستین کە لەچەند جێگایەکی ناوشار تیرۆریست دەستگیر ئەکەن، ئەی ئەم دەستگیر کراوانە هەروا هاتون‌و هاوکارو یارمەتیدەریان نیە؟ لەلایەن ئەحزابی ئیسلامی کوردستانەوە پشتگیری‌و پشتیوانی ناکرێن؟ خودی بەڕێوەبەری ئاسایش باسی لە شانە نوستووەکانی قاعیدە نەکردوە لە ڕۆژنامەکاندا؟ دروشمەکانی سەردیوارەکان بەئیمزای کەتیبەکانی قاعیدە، بەڵگەی دروست نین بۆ هەبوونی تیرۆریستان؟ ئاسایشی گشتی یەکێتی بۆچی هەڵوێست لە هەواڵی هاتنی عیزەت دوری بۆ کوردستان وەرناگرێت؟ مەگەر ئەویش سەرکردەی دەیان باندی تیرۆریستی شۆڤێنی-ئیسلامی نیە لە عێراقداو لەڕابردوشدا دەیان کاری تیرۆیستی‌و کۆمەڵکوژی بەفەرمانی ئەم ئەنجام نەدراون؟ ئەم هەوڵوێست‌و کردەوەیەی ئاسایشی گشتی وێڕای ئەوەی کە بەتوندی مایەی ئیدانەکردنە، بەڵام پێدەچێت دووهۆکار لەپشت ئەم هەڵچونانەیانەوە بێت: یەکێکیان ئەو شانازییە بوو کە لەبەرامبەر ئاسایشی پارتی‌دا کردویانەو ئێستا ئەو فرسەتەیان نەماو شکان، ئەویتریان بەهۆی ئەو ئابڕوچونەوە بو کە دەرکەوت ئەوە ئاسایش نیە کە تیرۆریستان دەستگیر ئەکات، بەڵکو ئەوە هێزە دژە تیرۆرەکەی سەرو یاسای کوڕە گەورەکەی تاڵەبانیەو ئەمان ناوێکی گەورەو دێیەکی وێرانن.

هەر بۆیە وێڕای هەر سەرنجێك لەبارەی هەواڵەکەی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)ەوە کەهەمانە، بەڵام پشتیوانی لەو ڕۆژنامەیەو لە مافی ئازادی ڕادەبڕین ئەکەین، وە هەڕەشەکانی ئاسایشی گشتیش بە پێشێلکردن، هەروەها بەناوزڕاندن لەقەڵەم ئەدەین‌و داواکارین کە سەرانی ئاسایش بەگشتی لەسەر تۆمەتی ناو زڕاندن‌و تەشهیر دادگایی بکرێن. وەبانگەوازی سەرجەم ئازادیخوازان ئەکەین کەلە داکۆکی لە ڕۆژنامەی(هاوڵاتی) بەشداری بکەن.

ئێمە پێمان وایە کە چارەسەری مەسەلەی تیرۆرو تیرۆریستان بەهەڕەشەو تاوانبار کردن‌و ملهوڕی کردن بەسەر ڕۆژنامەکان‌و خەڵکدا، ناکرێت. بەڵکو بە بنەبڕکردنی سەرچاوەکانی تیرۆر ئەم کارە مەیسەر ئەبێت، کەخۆی لەم چەند کارەدا ئەبینێتەوە:

1- دەستکۆتا کردنی سەرجەم تاقمە ئیسلامیەکان، بەتایبەت ئەوانەی کە ئەنجامدەرەی تیرۆر بوون، یان هانی تیرۆریان داوە، لەگەڵ قەدەغەکردنی چالاکیە تیرۆریستەکانیان‌و سزادانی توندیان لەدادگایەکی ئاشکرادا.

2- بڕینی بودجەکانیان‌و داخستنی سەرچاوەکانی داهاتی ئەم گروپ‌و ڕێکخراوانەو ئاشکرا کردنی ناوی هاوکارەکانیان.

3- سات‌و سەودا نەکردن بە تیرۆریستانەوە لەلایەن ئەحزابی دەسەڵاتدارەوە، لەپێناو بەرژەوەندی سیاسیداو ئەوکارە بەتاوان حساب بکرێت.

4- جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت‌و پەروەردەو فێرکردن، حسابکردنی دین وەك کارێکی تایبەتی کەسەکان.

5- باش کردنی هەل‌ومەرجی ژیان، بۆئەوەی کەس بەخاتری بەهەشتەکەی تاڵیبان‌و قاعیدەو ئیسلامیەکان، ناچار بە خۆکوی نەبێت.

6- کشانەوە لەحکومەتە تائفی‌و قەومیەکەی بەغداو جیاکردنەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

7- ..................

بژی ئازادی ڕادەبڕین

ڕیسوایی بۆ تیرۆرو تیرۆریستان

## ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

2007/8/26